www.kurdistannet.org
31/03/2002 00:44

# مەنسووری "بە حکمەت"

نووسینی: سۆڤی سەعی

ساتیرە نووسی بزۆز و قسە نەستەق، حەمە سەعید حەسەن بە لکاندنی دوو پیتی "ب" و "یَ" بە پاشناوی مەنسووری حکمەت، ناوبراوی بە جارێک کرد بە "بێ حکمەت" و ئیتر لەو دەمەوە کەم و زۆر، لێرە و لەوێ لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی کوردی دا ئەم ئاوەڵناوە بۆ جەنابی مەنسوور بەکار دەبرێ و وێدەچێ تا هەتا هەتایەشە ئەم ناوەی بەسەردا بسەپێ. بەڵام من هەرچی سەر دەبەم و سەر دێنم، هەرچەندە بیری لێ دەکەمەوە و زیاتری لێک دەدەمەوە ئەم کابرایە نەتەنیا "بێ حکمەت" نییە، بەڵکوو زۆریش "بە حکمەتە". هەتا زۆرتریش بیری لێ دەکەمەوە، زیاتر لە "با حکمەتی" مەنسوور و لە "بێ حکمەتی" کوردە "حکمەتییەکان" زیاتر دڵنیا دەبم. چوونکوو ئەگەر مەنسوور خودا بێ ئەوانیش عەبدن، ئەگەر مەنسوور شێخ بێ، ئەوانیش وشکە سۆفین، ئەگەر مەنسوور بن لادینە ئەوانیش جووجەڵە موسڵمانی قوتابخانەی ئەون و ئەگەریش مەنسوور "باحکمەتە" ئەوان "بێ حیکمەتن".

جەنابی مەنسوور ئەوەندە "حکمەتەکان"ی زۆرن کە لە ژماردن نایەن، بەڵام من هەوڵ دەدەم چەند دانە لە "حکمەتەکانی" بێنمە سەر کاغەز. نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە مەنسوور تەنیا لە لای چەند کورێک "با حکمەتە"، "حکمەتدارە"، "حکمەتیارە" و هەموو شتێکە، دەنا لە شوێنانی دی نەتەنیا بە حکمەت نییە بەڵکوو ناویشی لە کولەکەی تەڕدا نییە.

- ئەم کابرایە لە نێو لانکی ماڵە فیئۆداڵ، زاڵم و شاپەرستێک دا لە باکووری ئێران بە ناز پەروەردە دەبێ و بۆ خوێندن ڕەوانەی باوەشی ئیمپریالیزم دەکرێ، لە قوتابخانەی کاپیتالیزمدا بە کردەوە دیالێکتیکە بەناوبانگەکەی ئینگلز و مارکس لەسەر خۆی بەتاقی دەکاتەوە. تێز (بەچکە فئوداڵ) ، دژە تێز (قوتابخانەی کوپیتالیزم) و لە کۆی ئەمانەش سەنتێزی مەنسووری کمونیست سەر لە هێلکە دەردێنێ.
- پاش بە کمونیست بوونی شتێک بە ناوی "سەهند" لە چەند چانتا هەڵگرێکی خۆی پێک دێنێ و سەرەتای هەشتاکان ڕوو لە ناوچە ئازاد کراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. لە گوندی "مێشکەپە"ی ناوچەی سەردەشت حیزبی کمونیست پێک دێنێ و لە ماوەی شەو و ڕۆژێک دا دەبێ بە ژنراڵی هەزاران پێشمەرگەی کوردی چەپئاماڵ و ڕێکخراوی کۆمەڵە لە نێو حیزبەکەی "مێشکەپە"دا دەتوێنێتەوە. میسۆنی دووهەمی "با حیکمەت" خۆش کردنی ئاگری دووبەرەکی و سەرئەنجام شەڕی نێوان "مێشکەپە" و دیموکرات بوو کە بە کوشتنی زیاتر لە هەزار ڕۆڵەی کورد کۆتایی پێهات. کە ئارەزووی "با حیکمەت" لە پاش هەڵسانی گۆمی خوێن دامرکایەوە ئەو دەم بە فیتوویەک هەر چۆن "مێشکەپە"ی دانابوو، ئاواش هەڵیوەشاندەوە و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو.
- کاتێک باشووری کوردستان ساڵی ۱۹۹۱ لە دژی ئەنفال، ڕاگوێزان، کاولکاری و گازی شیمیایی ڕاپەڕی و بەشێک لە خاکی کوردستان ڕزگار کرا، جارێکی دیکە باحیکمەت سەری هەڵدایەوە. هەروەک ئەوەی ئەم کابرایە بە شیری دژە کورد گۆش کرابێ لەوێش دەستی کرد بە ئاژاوە نانەوە. جێگەی وەبیر هێنانەوەیە هەر لەو سەردەمانەدا بوو کە تاڵەبانە بەرپەرەکان بە هاوکاری ئامریکا ئەفغانستانیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان. جەنابی "با حیکمەت" ئەگەر شای درۆزنان نەبوایە دەبوایە لەبەر سێ هۆ، یەکەم دژی ئامریکا بوونی و دووهەم ئێنترناشیوناڵ بوونی و سێهەمی زمانی هاوبەشی لەگەڵ ئەفغانەکان، دەبوایە مەیدانی تێکۆشانی بۆ ئەفغانستان بگوێستبایەتەوە، بەڵام مەنسووری "حکمەت یار" وێڕای عێراق، تورکیا و ئێران سێرەی هێرشەکانیان بەرەو باشوور گرت. بەڵام با بزانین میسیۆنی "حکمەتیەکان" لەو بەشەی کوردستان دا هەتا ئێستا چ بووە؟ ئەوان وێنەی گوندێکی سووتاو، وێنەی منداڵێکی ئەنفال کراو، وێنەی ژنێکی تەجاوز پێکراوی ئەمن و ئستخبارات، وێنەی کەرکووکیەکی دەر کراو، وێنەی پاسدارێک لە سلێمانی یان میتێکی تورک لە دەهۆک، یان عەسکەرێکی عێراقی لە هەولێر و تاقە وێنەیەکی کوردستانی کاولکراویان نەهێنا و پیشانگای بۆ

www.kurdistannet.org
31/03/2002 00:44

بکەنەوە، بەڵکوو وێنەی ژنانی کوژراوی دەستی باوک و براو خیزم کە زۆربەی هەرە زۆری کوردیش نەفرەت لە کردەوەوی دژی ئینسانی وا دەکەن، شار بەشار لە ئوروپا نیشان دا. ئەوان لە باتی ئەوەی یارمەتی ژنانی قوربانی کراویان دابایە، پیشانگایان لە ئوروپا بۆ کردنەوە. ئەوان ویستیان بە بیرورای گشتی بڵێن نە بابا ئێوە لە کورد بەهەڵە تێگەیشتوون، وێنەی ئەو کوردە ئاوارە و کوڵ بەکۆڵانەوە کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانتان دەیبینن راست نییە، کوردەکان خەڵکێکن شایستەی پشتیوانی و هاوکاری ئێوە نین، ئەوان ژن و کچەکانی خۆیان دەکوژن وجیاوازی یەکی وایان لەگەڵ ئینسانخۆرەکانی ئامازۆن نییە. کوردەکانی خەڵکێکی وا کێوی و دوور لە شارستانیەتن کە نەتەنیا شایستەی کۆمەک نین بەڵکوو تورکەکان حەقیانە لە ریشەیان دەربێنن یان خومەینی ناعیلانج نەبووایە حوکمی بە کۆمەڵ کوشتنی بۆ دەر نەدەکردن، یان سەدام تەنیا بە گازی شیمیای توانی دەوەستیان بێ.

- کاتێکیش کە دوو کچە کورد لە پێشدا "پلا" و دوایەش "فاتمە" لە سوێد بە دەستی دوو باوکی قاتڵ و مرۆڤ کوژ بە ناوی پاراستنی نامووس، بەڵام لەوبەڕی بێ نامووسی ادا دەکوژرێن، جارێکی دیکە بازاڕی "با حکمەت" و "بێ حکمەتە"کان گەرم دەبێ. بەڵام ئەم جارە تاکتیکی ئەوان گۆڕاوە، ئەوان بە ناوی کوردەوە قسە دەکەن، نەک بەناوی کمونیست، ئەوان دەڵێن کوژراوی نامووسی بەشێکی نەگۆڕە لە فەرهەنگی کورد،"با حکمەت" ئامۆژگاری "بێ حکەمتەکان"ی کردووە کە ئەمە باشترین هەلە کەوتووەتە دەستامان. لە لایەک شەپۆلی دژی پەنابەری لە ئوروپادا لە ئارادایە و باشتر دەمانخەنە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و نێو رۆژنامەکان لە لایەکی دیکەشەوە بۆ خۆتان کوردن و باشتر بڕواتان پێ دەکەن. "بێ حکمەتەکان" وێنەیەکی وا رەشیان لە کورد پیشان دا کە ژن کوشتن بەشێک بێ لە کولتوری کوردی هەروەکوو ئەوە کە ژن بە چەقۆ سەربڕین بەشێک بێ لە فەرهەنگی خەڵکی رەشو رووتی ئەفانی یان ژن بەردەباران کردن بەشێک بێ لە فەرهەنگی ئێرانی. ئەوەی پەردە لەسەر جووجەڵە "بێ حکمەتەکان" لادەبا و لای ئوروپایی و کورد و هەموو خەڵکێکی دیکە رووڕەش و رسوایان دەکا، ئەوەیە کە ئەمانە جارێک نەهاتن کەماپانیایەک بۆ ژنێکی بە چەقۆ سەربڕدراوی ئەفغانی یان ژنێکی بەردەباران کراوی ئێرانی دابنێن، بەڵکوو کاری وان دووکان کردنەوەیە بە سەر ناوی کورد و ژنە قوربانیەکانی کورد. تۆ بڵێی ئەمە لە بەر خۆشەویستی "پلا" و "فاتمە" بێ؟ تۆزقاڵێک گومانم نییە، نا. "با حکمەت" لەم دووکان کردنەوەیە دوو ئامانجی لەبەرە یەکەم پارە کۆ کردنەوە لە دام و دەزگای سوێدی و هەڵمسانی گیرفانیان دووهەم ئەوەندەی لە جانتایاندایە دژ بە کورد و کولتوری کوردی هەڵیرێژن. بەڵام تۆ بڵێی خەڵکیش وەک "بێ حکمەتەکان" گێل و نەزان بن؟ وەک چۆن ژن کوشتن و ژن سەربڕین و ژن بەردەباران کولتوری کورد و ئەفغانی و ئێرانی نییە، ئاواش دوو پیاوی کوردی ژن کوژ، خومەینی، خالخالی، حکمەتیار و مەنسووری "با حیکمەت" نوێنەری کورد و ئەفغانی و ئێرانی نین.